# دەركەوتە ڕەخنەییەكانی بنیاتی زمانی جیاوازو زمانی هاوبەش

.............................................................

((بۆ دادوەروكاربەدەست وفەرمان بەرەكانی ئەدەب))

## لایەنە تیۆریەكانی بنیاتی زمانی جیاواز

.........................................

لە ڕەخنەی كورردیدا هەموو جۆرە دەقێك كە هەڵگری ڕەگەزێكی نائاسایی شێوازو ناوەڕۆك بێت بە زمانی جیاواز لە قەڵەم دەدرێت,لەو كاتەی زمانی جیاواز بە تەواوەتی دڕچوونە لە ڕیچكەیەكی زمانەوانیی كار پێكراو لە لایەن زۆربەی نووسەرانەوە,هەروەها لە گەڵ داهێنانی زمانێكی بنیات دار كە وەكو بەرهەمی گۆڕانكاری لە ڕەگەزە جیاوازە بنیات نەرەكانی نووسینی زاڵ خۆی دەردەخات وئەمەش كردارێكی زمانەوانی وشێوەیی بنیات دارە نەك پێك نەچوونێك لە سەر بناغەی ناوەڕۆك بێت.بەمەش زمانی جیاواز هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕەگەزە هاوبەشانەی نووسینە كە زۆر لە نووسەران لە زماندا لە یەك نزیك دەكەنەوە بە جیاوازیی ئەو مانایانەی بەرهەمیان دێنن. لەو كاتەی زمانی هاوبەشی نووسین بە تەواوەتی ئەو زمانەیە كە خاوەنی سیمای بنیات داری هاوبەشە لە نێوان كۆمەڵە نووسەرێكدا كە زۆرینە ن ویڕای جیاوازیی ناوەڕۆكی زمانەكەیان,بنیاتی زمانی هاوبەش كۆمەڵە ڕەگەزێكی بنیات داری زمانەوانیە كە دەتوانین لەلای ئەو نووسەرانەدا بیان دۆزینەوە كە هەمان ئەو ڕەگەزانە بەكار دێنن.لە ڕەخنەی كوردیدا شێوازبەمانای بە كارهێنانی كۆمەڵە ووشەو مانایەكی تازە لێك دەدرێتەوە.هەروەها بە مانای چۆنێتی نووسینێك كە لە شێوە ڕووكەش ونازمانەوانیەكەیدا خاوەنی ڕێچكەیەكی نووسینی تایبەتە,لەو كاتەی شێواز لە بنەڕەتدا چۆنێتیەكی ئاخاوتنی بنیات داری زمانەوانیەو دەشێ بنیاتێكی شێوەیی زمان بە دەیان شاعیرو چیرۆكنووس ورۆمان نووس تیایدا هاوبەش بن لە بەكارهێنانیاندا,بەبێ ئەوەی دەرك بەوە بكەن كە ئەوان بنیاتێكی شێوەیی وا بە كار دێنن كە لە لایەن كۆمەڵە نووسەرێكەوە بە كار هاتووەوهەموو دەچنەوە سەر یەك ڕێچكەی شێوازی گوتنەوە,چەندین جار لە ئەدەبی وراگەیاندن وبەیاننامە ئەدەبیەكانی كوردیدا بانگەشە بۆ ئەو جیا بوونەوەیە كراوە لە سەر بناغەی بەرهەم هێنانی مانای نوێ نەك زمان وشێوازی نوێ ,هەروەكو چۆن لە ئەدەبی كوردیدا پرسیاری كێ یەكەمین جار باسی لە بابەتێكی ئەدەبی ورەخنەیی كردووە,یا كێ یەكەمین دەقی لە سەرشێوازێكی سریالی یا دادایی یا هەر تەوژم وقوتابخانەیەكی نوێ نووسیوە ئەوە ئەو بە نووسەرێكی نوێخوازو جیاواز لە قەڵەم دراوە .ئەم شیكردنەوە تیۆری پراكتیكیە دیاری كردنی ئەو بنیاتە زمانەوانیانەیە كە زمانی هاوبەشیان بۆ ماوەی دەیان ساڵ وەكو خۆی هێشتۆتەوە هەروەها دیاری كردنی بنیاتی زمانەوانیی جیاوازە كە دەرچوونێك بووە لە نووسینی زمانی هاوبەشدا بەو ئامانجەی ڕوون كردنەوەیەك بە ڕەخنەیەك ببەخشین كە بۆ ماوەی دەیان ساڵە نا حاڵی بوونی لە خوێندنەوەدا هێناوەتە بیری خوێنەرەوە .

ڕەگەزە زمانەوانیە هاوبەشەکانی نووسین لە ئەدەبی کوردیدا.

..........................................................

ڕەگەزەکانی زمانی جیاواز

..........................

هەموو زمانێکی ئەدەبی کاتێك ڕەگەزەکانی ((ڕاگەیاندن.بانگەشە کردن.بانگ کردن .گێڕانەوە.خۆ والاّ کردن.درکاندن.ئاراستە کردن.داوا کردن.)) لە خۆ بگرێت,دەچێتە قاڵبی شێوازێکی ئاخاوتنەوە,لە بەر ئەمەش بنیات گەرەکان هەموو دەقە ئەدەبیەکان وەکو گوتارێك تێی دەڕوانن .بەوەی گوتار ئەو بنیاتەی مانا لە خۆ دەگرێ کە گەوهەرێکی زمانەوانیی ئاماژە دار ی هەیە.لەو کاتەی هەموو گوتنەکانی هەر ئاخاوتنێك چۆنێتیەکی بنیات نانی تەواو زمانەوانی وشێوەییە و هەموو گوتنێك بۆی هەیە ئەو چۆنێتیانەی مانا دروست کردن لە خۆ بگرێت تەنانەت هەموو نووسینە ئەدەبیەکان بە بێ جیاوازی هەڵی دەگرن.زمانی هاوبەشی نووسین ,چوونەوە سەری شێوازو شێوەیەکی نووسینی دیاری کراوە نەك چوونەوە سەری مانای دیاری کراو.لە بەر ئەوەشی گوتنەوەو نووسینەوەی مانا بە لاسایی کردنەوە ناو دەبرێ لە نووسینی کوردیدا تاکو ئێستا تیشك نەخراوەتە سەر شێوازەکانی نووسین کە لە بنەڕەتدا بنیاتە هاوبەشەکانی نووسینن.پێش پەنجەدانان لە سەر ڕەگەزەکانی زمانی هاوبەشی نووسین ئەم ڕاستیە بەراییانە دەخەینە ڕوو:-

1 -زمانی هاوبەشی نووسین دووبارە کردنەوەی مانا نیە بەڵکو چۆنێتیی داڕشتنەوەی مانایە. واتە مەرج نیە لەو زمانە هاوبەشەدا ماناکان بە یەك شێوازی داڕشتن بنووسرێنەوە.بەڵکو هەمان ماناکان بۆیان هەیە بە شێوازی جیاوازی نووسین بنووسرێنەوە.

2 -زمانی هاوبەشی نووسین شێوازی نووسینە نەك ناوەڕۆکی نووسین ,واتە ئەو بنیاتانەی زمانی نووسینن کە بە شێوازێك ئاخاوتن ئاراستە دەکەن کە لە گەوهەردا هاوبەشن لەو چۆنێتیەدا.,

3 -زمانی هاوبەشی نووسین زمانێکە تازەگەری لە زمان وشێوازدا ڕەت دەکاتەوەو پشت بە نووسینەوەیەك دەبەستێت کە حیکمەتی گەورەو مانای گەورەو ناوەڕۆکی گەولرە تیایدا زاڵن وئەو ڕەگەزانەی جوانکاریی شێوەو زمان وبنیاتە نوێکانی نووسین دەنوێنن تیایدا بزرن.

4 -زمانی هاوبەشی نووسین شێوەی ماناکان وناوەڕۆکەکانی نووسین دە گۆڕێ لە زماندا بە مەبەستی شاردنەوەی بنیاتی ئەو مانایانەی کە پێش ئەو بەرهەم هێنراون .

5 -هەموو زمانێکی هاوبەشی کاری نووسین خاوەنی سەرچاوەگەریە .بەو مانایەی هەموو ئەو ماناو شێوازانەی نووسینی بە کارهاتوو چوونەوە سەری هەمان ماناو شێوازی پێشینەیی سەرچاوەیەکی نووسینەو نەیتوانیوە گۆڕانکاری بخاتە نووسینەوە .لەم

ڕاستیانەشەوە ئەوە ئاشکرایە کە لە ئەدەبی کوردیدا لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ تازەگەریی ئەدەبی دەکرێت بەوەی:-

1- لە ئەدەبی کوردیدا چوونەوە سەری تەوژم وقوتابخانەوڕێچکە ئەدەبیەکان بە تازەگەری لە قەڵەم دراوە بەڵکو زۆر جار وەکو ئەو داهێنانە دەخرێتە ڕوو کە ئەوانن خاوەنی ئەو تەوژم وقوتابخانانە ,وەکو ئەوەی کرۆکی داهێنانی تازەگەری وتەوژم وقوتابخانە ئەدەبیەکان ئەوان دایان هێنابێت ,لەو کاتەی ئەو تەوژمانە بەرهەمی دەیان نووسەرانی بیانین نەك داهێنانی ئەوان ,هەروەك تەوژمەکانی سروشتی ودادایی وڕۆمانتیکی وسۆیالی وواقیعی وتەوژمە ئایدۆلۆژیەکانی مارکسی وفرۆیدی وبنیات گەری.

2- تازەگەیی ئەدەبی لە ڕێگەی چوونەوە سەری تازەگەریی ئەورووپی وهەزم کردنی کولتووری فیکری وئەدەبیی ئەوانەوە دێتە دی,واتە خزێندنەوەو زانینی ئەو کولتوورەو هەڵنانەوە لە سەر ئەو کولتوورە بە شێوازی چوونەوە سەرو بە کارهێنانی مێتۆدەکانی .

زمانی جیاواز وەکو بنیاتێکی ئەدەبیی پێك نەچوو لە گەڵ ڕێچکەیەکی گشتیی نووسیندا یەك ناگرێتەوە.چونکە هەموو زمانێکی داهێنەر بە سروشتی داهێنەرانەی خۆی زمانێکی جیاوازی ئەدەبیە ,کە حاوەنی ئەم سیما گشتیانەیە :-

1 -بەرهەم هێنانی مانا لە داهێناندا دەورێکی بناغەیی نیە .بە تایبەتی لە شیعرو پەخشان وکورتە چیرۆکدا ,چونکە ئەوەی ماناکان بە شێوازی نوێی داڕشتن دێنێتە کایەوە ئەو چۆنێتیەیە کە مانای پێ دادەڕشترێ ,نەك خودی جیاوازیی ماناکان.

2 -چۆنێتیی گوتن لە زمانی جیاوازدا مانای ئاڵۆزی وشاردنەوەی ماناو ڕازاندنەوەی نیە بە وەسفی زۆرو زەبەند.بەڵکو زمانی جیاواز بۆی هەیە مانای زۆر قورس لە داڕشتنێکی زمانەوانیی ساکاردا بەرجەستە بکات.

3 -هەموو نووسەرێك تەنانەت خاوەنی دەقە هەرە ساکارو کەم بنیاتەکان بە سیفەتی جیاواز لە قەڵەم دەدرێن.بەوەی زمان وەکو مۆری پەنجە ئەدگارێکی تایبەتمەندی خاوەنەکەی هەڵدەگرێت,ئەمەش مانای وایە زمانی جیاواز بە سیفەتی جیاواز بوون مانای داهێنان وتازەگەری نانوێنێ .

4 -لە داهێناندا زمانی جیاواز مانای نەدۆزراوەی تاسەهێنەری بیروهەژێنەری هەست وبزواندنی تێگەیشتن وخرۆشاندنی چێژ دێنێتە کایەوە ,نەك تەنها جیاواز بوون.

بەم ناسینەوانەش ڕەگەزە گرنگەکانی زمانی جیاواز ئەم ڕەگەزە زمانەوانی شێوەییەن :-

1-لە ڕووی بنیاتەوە زمانی جیاواز دەست بەرداری زمانی ڕووکەشی دەقە کەان دەبێت,بەوەی زمانی جیاوازهەمیشە زمانێکە وەکو دەرەنجامێکی هەرسێ ڕەگەزی تێگەیشتن .هاوبەشی بوون هاوسۆزی بوون لە گەڵ دەقدا.چێژ وەرگرتنێکی مەستکارانە دێتە بیروبیرکردنەوەمانەوە .هەر خوێنەرێکیش ئاست وهاوبەشیەکی جیاوازی هەیە لەم کردارانەدا ,ئەمە پشت بە ئەزموون وبەردەوامیی کرداری خوێندنەوەو تێگەیشتن دەبەستێت لە لای هەر یەکێك.

2- زمانی جیاواز خولقێنەری زمانی سێیەمی دەقە واتە ئەو زمانەی لە پاش زمانی پێش نووسیینەوەو لە پاش زمانی نووسراوەوە دێتە بوونەوەو خاوەنی هیچ ڕەگەزێکی ئاشکراو لە ڕووی زمانی دەق نیە.واتە زمانێکە کە لە دەقدا بوونی نیە بەڵکو بنیاتەکانی زمانی بەرهەم هێنراوی خوێندنەوەو بیرکردنەوە دەیهێنێتە بوونەوە.
3-هەژموونگەرایی زمانی جیاواز لە سەر خودی زمانی بە کارهاتوو زمانی لە سەر ڕێك کەوتوو هەر خۆی زامنێکە بۆ جیاوازی گوتنی مانا ,واتە زمانی جیاوازی نووسەرێك ئەو دەسەلآتەی بیرکردنەوەو تێگەیشتن و چێژ وەرگرتنە کە هەر خۆی کاتێك دەربڕین لە خۆی دەکات زمان بەو ئاراستەیەدا دەبات کە لە کۆی شێوازەکانی زمانی نووسین و مانا دروست کردن دەردەچێتە دەورەوە.
4- شێوازی زمانی جیاواز لەو بنیاتە شا راوەو بزرەدایە کە لە خوێندنەوەی بوون و ماناکانیدا دێتە کایەوە.واتە هەموو زمانێکی جیاوازی دەقێکی ئەدەبی هاتنە کایەوەی زمانێکە کە ماناکان تیایدا لە نەخشەیەکی بنیاتی زمانەوانیی جیاوازدا دەربڕێتنی لێ کراوە .
هەموو شێوازە جیاوازەکانی زمانی جیاواز دەچنە د وو توێی ڕێچکەیەکی چۆنێتیی گوتنی نەخشەدارەوە,بەوەی ئەو زمانە لە شێوەیدا ئەوەی زۆر بەرجەستەو زاڵە لە دەقدا شێوازەکانی چۆنێتیی گوتنە نەك گواتنمی گەورەو حیکمەت دارو پڕ مانا .
کەواتە ئێستا بۆمان هەیە زمانی جیاواز بەو زمانە وەسف کەین کە بنیاتی ماناو چۆ نێتیەکی گوتنە کە توانای دەرکردنمانی هەیە لەو مانایانەی لە لاماندا گەورەن ,لەو چێژانەی تاقیانمان کردۆتەوەو پراکتیکیانمان کردووە,
لەو تاسەو خرۆشانەی زوو لە گەڵیدا هاوبەش وهاوسۆز بووین.لەو جوانیانەی کە دەورەکانیان لە تێڕامانماندا ئاسایی بوونە,بۆیە زمانی جیاواز بە تەواوەتی هاوبەشە لەگەڵ بنیاتەکانی بوونە شاراوەکانی دەوروبەرمان وئەودیوی بوونیشمان .
بنیاتی زمانی هاوبەش ودیاری کردنە تیۆریەکانی
..........................................
لە ئەدەبی کوردیی نوێدا گۆڕانکاری لە تەکنیك ,دۆزینەوەی مانای نوێ.بەرهەم هێنانی مانای قورس.گۆڕانکاری لە زمانی نووسین وشێوەکانی نووسین .بە شێوەیەکی ناتیۆریانە بە زمانی تازەگەر لە قەڵەم دەدرێت ,لەو کاتەی هاوبەشی بوون لە زمانێك کە پێش وەختە چۆنێتیەکی نووسینی وا دێتە کایەوە کە هەموو لە سەری ڕێك کەوتوون ئە وە دەگەیێنێ کە ئەو زمانە بە هیچ شێوەیەکی تیۆری ناچێتە خانەی جیاواز بوونەوە ,چونکە دەرچوون لە زمانی هاوبەشی نووسین بە تەواوەتی ئەوە دەگەیێنێ کە نووسەرە داهێنەرەکەی بیرکردنەوەو تێگەیشتنێکی تازەی هەیەو ئەمانیش لە نووسیندا زمان وشێوازێکی جیاوازیان هە یەو لە سەرجەومدا دەقێك دێننە کایەوە کە لە گەڵ دەقەکانی دیکەدا زۆر بە دەگمەن لە چەند ڕەگەزێکی زمانەوانیدا یەك دەگرێتەوە,

هاوبەش بوون لەزمانی نووسیندا چوونەوە سەری ئەزموونە پێش وەخت وتاقی کراوەکانی شێوازی نووسین وماناکانیەتی .چونکە ئەو ماناو شێوازانەی نووسەر کاری لە سەر دەکات زمانێکی هاوبەشەو کۆمەڵێك نووسەر دەچنەوە سەری .زمانی هاوبەش لە هەر دەقێکدا بە لایەوە گرنگ نیە تازەگەری داهێنانی شێوازی نوێی نووسین ومانای بنیات نەری زمانە یا نا .بە لایەوە گرنگ نیە لە ڕوتێکی بە گشتی کراوی نووسیندا بەشدار بێت ,بەڵکو مانەوە لە ئەدەب ونووسیندا بە لایەوە گرنگە .کە لە ئەدەبی کوردیدا پرسیار کردن لە جیاواز بوون وتایبەتمەندێتی هەنمیشە وابەستەی مانا وناوەڕۆك کراوە لەو کاتەی دەرچوون لە زمانی هاوبەش کردارێکە لە شێوەی نووسیندا بەرجەستە دەبێت نەك لە ناوەڕۆکدا چ ونکە ناوەڕۆك هەمیشە هەموو گرفتاریە ئایدۆلۆژیەکان لە خۆ دەگرێت ونووسین لە بناغەوە بیرکردنەوەیە لەو شێوازو چۆنێتیەی نووسین کە بۆ مانای دیاری کراوی دەکەین و هەر ئەم سیمایەش تایبەتمەندێتی هەر دەقێك لە خۆیدا هەڵدەگرێت.بەم پێیەش زمانی هاوبەش لەم کردارە زمانەوانیانەدا بەرجەستە دەبێت :

1- بنیاتێکی شێوەیی داڕشتن لە دەست پێکردنی دەقێکدا کە چۆن بە هۆیەوە دەربڕین لە مانا دەکرێت .واتە چۆن دەتوانین زمان ڕێژی بۆ ماناکان بکەین لە شێوازێکی داڕشتنی وادا کە نموونەیان لە ئەدەبی کوردی ودەقەکانیدا زۆرن.
2- ئەو دۆخە جیاوازانەی بوونێك یا بوونەوەرێك یا  مانایەك لە خۆ دەگرێت واتە نەخشەیەکی نووسین بۆ دەربڕین کردن لەو شتانە .
3- دەرەنجامی کاریگەر بوون بە شێوازی نووسینی نووسەرێك کە دەبینین دەقەکانی نووسەری دووەم دەکەونە ژێر سێبەری دەقەکانی دیکەوە .
4- لاسایی کردنەوەی ئەو ئەزموونانەی کە زمانێکی نووسینی جیاواز بەرجەستە دەکەن .
5- داڕشتنەوەی سیفەتی ناوێکی مێژوویی یا ئەفسانەیی یا داستاناوی یا کەسایەتیەکی ناسراو کە لە ماناکاندا هەمان گوتنەوە دەخەنە دەقەوە ئەگەرچی شێوازەکانی نووسینیشیان جیاواز بێت .

ئەمانە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەن کە زمانی هاوبەشی نووسین دەنوێنن .بەڵام ئەم مۆرك وسیفەتانە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکەی ئەدەب جیاوازن کە بەم خاڵانە دیاریان دەکەین :

ڕەخنەی ئەدەبی وزمانی هاوبەش

.......................................

1- لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لاسایی کردنەوەو هەڵگرتنەوەی هەموو مێتۆدو تەوژمەکانی ڕەخنەیی نویٚ لە ئەدەبی کوردیدا بە نووسینەوەی زمانی هاوبەش لە قەڵەم دەدرێت .کاتێك ناتوانیٚ هاوبەشی و ئاخاوتنێکی داهێنەرانەی لە نێویاندا هەبێت و ئەو وەکو لاسایی کەرەوەیەکی ئەو تەوژمانە دەکەوێتە ڕوو ئەگەرچی کار لە زمانێکی دیکەو ناوەڕۆکێکی دیکەدا دەکات.

2 -له ڕەخنەدا هێنانەوەی بیرێکی ئایدۆلۆژی وفیکری و تیۆری هەمیشە کار کردنە لە سەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزە بناغەییەکانی ئەو تیۆرە فیکری وئەدەبی وئایدۆلۆژیانەی کە نووسراونەتەوە,بەوەی نووسەرێك دێت و تەنها تەوەرێکی ئەو بیرانە دەکاتە بابەتی سەرەکیی نووسینەکانی و لە دواییدا دێت ولە سەر دەقێکی پی‌ادە دەکات.

3 -لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کاریگەر بوون بە فیکری یا تیۆری ڕەخنەیی نووسەرێکی بە ناو بانگ وداهێنەرو کار کردن لە سەر جومگە بناغەییەکانی بیرکردنەوەی ئەوو وەرگرتنی بیرە بناغەییەکانی.

4 -کار کردن لە سەر وەرگرتنی ناواخنی بیری چەندین نووسەرو هێنانەوەیان وەکو بەڵگەی لێکۆڵینەوە ,زمانێکی هاوبەشی نووسین دەخوڵقێنیٚ بەوەی نووسەر ڕێگە لە بیری خۆی دەگرێت کە ئەو چۆن بیردەکاتەوە.و نموونەکان جێی بیرو بۆچوونی ئەو دەگرنەوە,

5 -هەموو زمانێکی نووسینی ڕەخنەیی کە بیرێکی تیۆری- کۆمەلأیەتی وتیۆری- سیاسی وئاینی وتیۆری -دەروونی لە خۆ بگرێت کار لە سەر زمانێکی هاوبەش دەکات.

**چیرۆك و زمانی هاوبەش**

..............................

1 -ئاشکرایە کە هەموو چیرۆکێك هەڵگری بنیاتێکی مانای سەرەوەیی دەقە.یاخود هەڵگری بنیاتێکی مانای شاراوەیە کە کرۆکی ئەو ڕستە بناغەییەی مانا بەرجەستە د ەکات .واتە هەموو چیرۆکێك لە زمانەکەیدا دوو شێوازی دەربڕین لێکردنی مانای جیاواز بەرجەستە دەکات.کاتێك چیرۆکنووسێك دێت وئەو بنیاتەی مانا هەڵدەگرێتەوەو لە سەر ئەو ماناو ڕووداوە وێك نەچوو بنیات دەنێت ئەوا ئەو چیرۆکە کار لە سەر زمانێکی هاوبەش دەکات.

2 -هەموو چیرۆکێك کە تەکنیکێکی زمانەوانی یا شێوەیی لە گێڕانەوە بە کاردێنیٚ ئەگەرچی ماناکنیش جیاوازبن لە گەلٚ ئەو مانایانەی کە پێش ئەو ئەو تەکنیك و شێوازانەی پێشوو بە کاریانیان هێناوە ئەوا کار لە سەر زمانی هاوبەش دەکات.

3 -هەموو ئەو چیرۆکانەی داکۆکی کردن لە مەسەلەیەکی سیاسی وکۆمەلأیەتی وئاینی و ئایدۆلۆژی زمانی نووسینیان دەچێتە خانەی زمانی هاوبەشەوە.

4 -هەموو ئەو چیرۆکانەی کار لە سەر چەمکێکی فیکریی پێش وەختەو زۆر باس کراوو دووبارەوە بوو دەکەن زمانی ئەو چیرۆکانەش دەچنە خانەی زمانی هاوبەشەوە.

5 -کاریگەر بوون بە شێوازو چۆنێتی داڕشتن و شێوازو تەکنیکی چیرۆکنووسە داهێنەرەکان چوونەوە سەری زمانێکی هابەشە.

**زمانی هاوبەش وشیعر**

..............................

1 -کاریگەر بوون بە ئەزموونی شاعیران لە ئەدەبی کوردیدا زۆر باوە .زۆرن ئەوانەی کاریگەربوون بە ئیلیووت وگۆران وئۆکتافیۆبازو ئەراگۆن وئەدۆنیس و..هتد و لە زمانی

ناهوشیاریاندا ئەو کاریگەریە بەرجەستە بووە .ئەو دەقە شیعریانەی لە سەر بناغەی ئەم کاریگەریە لە دایك بوونە بە دەقێکی خاوەن زمانێکی هاوبەش لە قەڵەم دەدرێن و زۆریشن ئەوانەی باسیان لەو کاریگەریانە کردووە .

2 - هەڵگرتنەوەی بیری بناغەیی ناوەڕۆکێکی بابەتیانەی شیعر بۆی هەیە دەقی شیعریی وا بەرهەم بێنیٚ کە دەبێتە نموونەیەکی ئاڵووالآ کراوی ئەو بیرانەی پێش خۆی و هۆنینەوەی بە وێنەو زمانێکی ڕووپۆش کراو .ئەم دەقانەش دەربڕین کردنن لە زمانێکی هاوبەش .

3 - لاسایی کردنەوەی ئەزموون و تاقی کردنەوەو تەوژم وقوتابخانە شیعریەکانی پێش وەختە لە ڕووی شێوازو زمانی دەقەوە کارکردنە لە سەر زمانی هاوبەش .

4 - کاریگەربوون بە لایەنداری سیاسی وئایدۆلۆژی لە شیعردا گوتنەوەی زمانێکە کۆمەڵێك شاعیر تیایدا هاوبەشن وئەویش لە سەر زمانێکی هاوبەش دەقەکانی دەداتە دەستەوە.

5 - ئەو شاعیرانەی کار لە سەر ڕستەی کاریگەری شاعیران دەکەن ودەسکاریی ووشەکانی ئەو ڕستانە دەکەن و دەقەکانیان دەنووسنەوە ئەوانیش کار لە سەر زمانێکی هاوبەشی نووسین دەکەن.

ڕۆمان وزمانی هاوبەش

..............................

بە هۆی قەبارەو ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ڕۆمان هەیەتی هاوبەشی کردن لە زمانی پێشینەو هاوبەش ئاستەمە و ئاشکرایەو کەم ئەزموونی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا شێوازو ناوەڕۆکی پێشینە بە کار بێنێتەوە ,لە گەڵ ئەوەشدا

ئەم ڕووانەی زمان بۆیان هەیە زمانی هاوبەش بخوڵقێنن :

1 - هەڵگرتنەوەی ڕێچکەی ڕووداوێك کە لە ئەزموونی پێشووی نووسەراندا بەکار هاتبێت بۆی هەیە زمانی هاوبەش بخوڵقێنیٚ .لە ڕۆمانی کوردیدا گێڕانەوەی جیاوازو لە گەوهەردا هاومانای گێڕانەوەی پێشووە کاتێك نووسەرێك دەچێتەوە سەر هەمان شێوازو لە نێو ڕۆماندا نەك لە هەموو ڕۆمانەکە بەڵکو لە بەشێکیدا بە کاری دێنیٚ .

2 - لاسایی کردنەوەی ڕووداوو بە سەرهاتی نێو ڕۆمانەکانی پێشوو بە گۆڕین و دەسکاری کردنی هەندێك لە برگەو ماناکان .بەڵام گەوهەری ڕۆمانەکە هەمان گەوهەرە .

3 - لاسایی کردنەوەی نووسەرە ڕۆماننووسەکان کە خاوەنی زمانێکی جیاواز بوونە وەکو جۆیس ودۆستۆیفسکی هیگۆ..

4 - لاسایی کردنەوەی ئەو تەکنیکانەی ڕۆمان کە بە کار هاتوون .

ئەمانە گرنگترین ئەو خاڵە هاوبەشانەی زمانی هاوبەشن .کە لە ئەدەبی کوردیدا بە کار هێنراون و سوودیان لیٚ وەرگیراوە لەم ڕووانەوە .بەڵام برایان ئەو کارانە لە گەڵ سەرکەوتوویی هەندێکیاندا ئەوان هەمیشە بە دەقێك دادەنرێن کە لە ژێر کاریگەری ولاسایی کردنەوەو

وەرگرتن وچەتەگەری بە کار هاتوون .هەربۆیەش ئێمە زاراوە زمانی هاوبەشمان بۆیان هەڵبژارد.ئەوەشی لە ڕووە تیۆریەکەوەی شایەنی باس کردنە ئەوەیە لاسایی کردنەوەو هەڵنانەوەو وەرگرتن ودزی ئەدەبی وکاریگەربوون ولە سەر شێواز نووسینەوە ,ئەدەبێکن دەچنە خانەی هاوبەشی کردنەوە لە گەڵ نووسەرانێکدا کە ژیانی خۆیان بۆ داهێنان تەرخان کردووە.زمانی دووەم کە لەو دەقانەوە لە دایك دەبێت زمانێکی هاوبەشی کارە لە گەڵ زمانی یەکەم وئیتر ئەوانەی ئەم ڕێچکەیەیان گرتۆتە بەر ناتوانین بەرهەمەکانیان بە بەرهەمی تازەگەری لە قەڵەم بدەین.لێرەشدا ئێمە لەم دەرفەتە کورتە کورتە ناتوانین پەنجە نومای هەموو ڕووەکانی ئەم زاراوانەو سیما هاوبەشەکانی لە سەر دەقە کوردیەکان پراکتیك بکەین .بەڵام وەکو نموونەیەکی پراکتیکی هەوڵ دەدەین لە شیعردا تەنها لە ڕووە پراکتیکیەوەی شیکردنەوەی چۆنێتیی هاوبەشی بوون وزمانی هاوبەش بکەین .نەك زمانی جیاواز چونکە کاتێك بەرهەمێك ئەم سیما هاوبەشانە هەڵنەگرێ ئەوا خۆی زمانێکی جیاوازە ,

ڕووە زمانەوانی وتەکنیکیەکانی زمانی هاوبەش

.......................................................

لە شیعری کلاسیکیدا وێڕای هەڵگرتنەوە شێوازو جۆرەکانی نووسینی شیعری کێش و قافیە دار .زۆر لە شاعیرانی کورد لە سەر شیعری عەرەبی وفارسی وتورکی شیعری داهێنەریان نووسیوە .بەوەی ئەوان کاریان لە سەر هەمان ماناکانی ئەو دەقانە کردووە .بەڵام لە ڕووی ماناوە توانیویانە زۆر لەو دەقانە تێپەڕ کەن .لە نێو خۆشیاندا شاعیرانمان هەن کاریگەر بوونە بە شاعیرانی دیکەوەو لە سەر بەیتەکانی ئەوان وهەمان ماناکانیان بەیتی دیکەیان نووسیوەو داهێنانیان تێدا کردووە.

ئەوەی لێرەدا شوێنی پرسیارە دەقی شیعری کوردیە لە ڕووی فۆرم وزمان وچۆنێتیی بە کارهێنانی ماناوە.شیعری کوردی کە بە شیعری نوێ لە قەڵەم دەدرێ وپەخشانە شیعر ئەمڕۆکە تیایدا زاڵە .لە گەڵ هەندێك جیاوازی لە تەکنیکی نووسیندا بەڵام لە زۆرترین ڕوە وە شاعیرانێکی زۆر هاوبەش لە چۆنێتیی نووسیندا .شیعری ئەمڕۆی کوردی تەنها دەق دەخاتە سەرەوەی هەموو چۆنێتیەکانی دیکەو ئاڵۆزیەکانەوە .بەوەی هەر شاعیرەو زیاتر لە هەموو کەس ئاشناترە بە شیعرەکەی خۆی وتەنها ئەویش بانگەشەی زمانی جیاواز دەکات .لێرەدا ئەو سیما هابەشانەی ئەو شیعرەو زمان وفۆرمی دەقەکان دیاری دەکەین ونموونەش بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکی پراکتیکی دادەنێین کە دەرفەتێکی فراوانترمان هەبێت .بەڕای من شیعری کوردیی ئەمڕۆ ئەم سیما هاوبەشانەیان :

1- زمانی زاڵی نێو نووسینی شیعریکوردی زمانێکە تەنها ڕووە خەمباری وتاریك ونائومێد بوون و تەنیاییەکی قووڵ بە سەریدا زاڵە.ئەمەش وای کردووە شیعرێك لە زمانی ئاخاوتن و گوتارە شیعریەکەیدا لە یەکتر نزیك بنەوە.ئەو ڕووە خەمبارانەو ئەو خەمۆکی بوونانە تێڕوانینێکی چەسپاوی لە لای شاعیراندا دروست کردووە .کە چۆن سەیری دەروبەر بکەین.کاتێك زمانی شیعر ئەم ڕووە بە سەریدا زاڵ دەبێت ئەوا چۆنێتیی

نووسینەوەی هاوبەشیش تیایدا زاڵ دەبێت .بۆ نموونە کاتێك شاعیر ووشەی ((من)) بە کار دێنیّ ئەومنە هەمیشە وابەستە کراوە بە ڕوویەکی تەنیاو تاك و تەراو خەمبارو بیّ نموونەوە.ئەم ڕووە لە لای زۆرینەی شاعیراندا هەیە.پرسیاریش لەوێوەیە کاتێك شاعیرێك دەیەویّ ئەو منە لەو زمانە هاوبەشە دەرکات ئەوا سیفەتێکی یا زێدەڕۆ یا سەرسام ەر یا تاریك بێن دەخاتە ڕوو .کە کەس بەو خەیاڵەوە نابێت مرۆڤێکی دیکە بگاتە ئەو ئاست و شوێنانە.لە ڕاستیدا پرسیارە بۆچی شاعیر لەم ئاراستەیەدا لە مرۆڤ بوونی خۆی خۆی دوور دەخاتەوە.؟

2 - شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوو دیاردەو ووردبوونەوەو خەیاڵ لە ڕووی چۆنێتیی بنیات نانی ماناوە هەمیش ئەوە تیایدا ڕوونە کە ماناکان هەڵگری هەمان ڕێچکەن وهەمان شێوازی نووسینیان هەیە.بۆ نموونە گێڕانەوە شیعریەکان هەموو کاتێك لە سەر یەك ڕیتمی زمانی نووسیندا دەنووسرێنەوە.کە دووبارە کردنەوەی وێنەکان دەبێتە مۆرکێکی جێگیر ,کەم شاعیر هەیە لە شێوازی گێڕانەوەیەك دەربازی بووبێت کە نموونەی لە شیعری کوردی و بیانیدا نەبێت.شێوازی گێڕانەوە لە شیعری ئەوروپیدا شێوازێك بووە لە هەقایەتی میللی و ئەفسانەو داستانەکانەوە هاتوونەتە نێو شیعرەوە .لەو کاتەی شاعیرێك هێمایەکی کەسایەتیی مێژوویی یا ڕووداوێکی بیستراو دەکاتە شیعر .لە شیعری کوردیدا کەمتر سوود لەو شێوازە وەرگیراوە.بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوو دیاردەو بە سەرهاتە کورتەکانی مرۆڤ وشتەکانی دەوروبەر زمانێکی نووسینی شیعریی هاوبەشی هێناوەتە کایەوە کە زۆرینەی شاعیران تیایدا هاوبەشن.

3 - ووشەیەکی زۆری دیاری کراو لە لای زۆرینەی شاعیراندا بە شێوەیەکی زێدەڕۆ وجارسکار دووبارە دەبنەوە .وەکو ووشەکانی((قەقنەس.نەورەس.نوور.خودا.ئاسمان . خەم.من.خۆشەویستی .عەشق.گیان وڕوح.گریان.فرمێسك..هتد.ستیڤان مالارمیّ سوێندی خواردبوو کە ووشەی باوی زۆر بە کارهاتوو بە کار نەهێنیّ .مەبەستی ئەو لەم خۆپارێزیە ئەوەبوو زمانێکی جیاواز لەوا نی دیکە بدۆزێتەوە کەتەنها شیعریەت بەرهەم بێنیّ .لە شیعری کوردیدا ئەم ووشانە زۆر هاوبەشن بە جیاوازیی بە کارهێنانیانەوە.ئەمەش وای کردووە بیرکردنەوەی شاعیر لە ووشەی نویّ کە دەرەنجامی خوڵقاندنی مانای نوێیە کەم بێتەوە.کاتێك زمانێك لە جۆرێکی دیاری کراوی ئەدەبیدا لە چەندین ووشەدا هاوبەش بن ئەمەش وای کردووە روویەك لە ڕووەکانی زمانی هاوبەش لە شیعری کوردیدا بێتە کایەوە.

4-